

# کچانی کورد شایستەن ببن بە شاجوان



کچانی کورد هەردەم لە بیرۆکەی جوان و ناسکەوە کاری وا دەکەن، کە جێگەی سەرنجڕاکێشانی گشت لایەنێکە، کارەکانی کچانی کورد، بە داهێنان و کاری تازەن، کە دەتوانن بە کارێکی بچووکەوە دیمەنێکی رازاوە ئەنجام بدەن و هێمایەك ببەخشن بە جوانی خانمانی کورد و کوردستان، ئەو خانمە بەڕێزە لە وێنەکەدا هەڵساوە بە هەڵواسینی ئاڵا و نەخشەی کوردستان لەسەر نێوچەوانی، کە دەبێتە یەکێك لە مۆدە ئێکسسوارەکانی رووخسار، کە لە قژ دەبەستریٚ و دەکەوێتە سەر نێوچەوانەوە، مۆدەیەکی جوان و خنجیلانەیە و زیاتریش لە مانای جوانی هەنگاوێکی بوێرە بۆ خۆشەویستی نیشتمان و ئاڵا و نەخەشی کوردستان.

## مۆدەکانی وەرزی پاییزی بۆ ساڵی ٢٠١١




گۆڕانکاری لە وەرزەکان رێگەیەکە بۆ جیاکاری لە شێواز و مۆدەی تازە لە بواری جوانکاری، زیاتر لەلایەن پسپۆڕانی بواری جوانکاری، وەرزی پاییز بە وەرزی مۆدەکان دەزانن، کە لەم وەرزەدا گشت جۆرە جلەکان مۆدەی هەڵدەکەویٚ، بەهۆی ئەو کەشە خۆشەی لەو وەرزە بەدی دەکریٚ، لە تازەترین مۆدەکانی جلوبەرگ کە لە مانگی داهاتووەوە دەبێتە مۆدەی سەرەکی ستایلەکانی جلوبەرگ لە جیهان بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، کە لەلایەن دیزاینەری بەناوبانگی لوبنانی (ئیلی صەعب) ئامادەکراوە، شێوازەکان پێوەندیان بە سادەیی و ناسکی هەیە، کە چەندین مۆدەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و زیاتر تیشك دەخرێتە سەر سادەیی و هاوڕەنگی نێوان جلی سەرەوە و خوارەوە، بە تایبەت لەم وەرزی پاییزی ئەمساڵدا رەنگە (کراسی کورت کە بە فوستان ناسراوە ببێتە شای مۆدەکانی ئەو وەرزە، هەروەها قاتی دوو پارچەی سەروو و خواروو، ئەویش هەڵبژێردراوێکی گرنگە بۆ ئەوەی مۆدەی وەرزی پاییزی ئەمساڵ بیٚ).









# تاتۆی برۆ جوانییەکی مۆدێرن لە بواری جوانکاری

**بە هاوکاری جوانکاری کارۆلینا - سلێمانی**



مۆدەکانی لە بواری تازەگەری و داهێنان لە جوانکاری و هەنگاوی تازەدا بەرەو چەندین هەڵدێر ڕۆیشتووە و تەنانەت مۆدەکان ئاوێتەی کاری تازەن، کاتێ خانمان بیر لە کارێکی تازەی بواری جوانکاری دەکەنەوە یان پێویستیان پێ دەبێ، دەکرێ شێوازی جۆراوجۆر بگرنە بەر، یەکێك لە تازەترین مۆدەکانی بواری جوانکاری بریتییە لە تاتۆ کردن، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لەم لایەنە کە بۆ دانانی (برۆ و یان تاتۆی نەخۆش و وێنە) لەسەر جەستەدا دادەنرێن، تاتۆ دەکرێ سوودێکی گەورەی لێوە ببینرێ بە تایبەت لە دانانی دیمەنێکی جوان بۆ برۆی چاوەکان، کە شێوازێکی تایبەت و جوان لەخۆ دەگرێ و مۆدەیەکی تایبەتە لە دەرختنی برۆ، بۆ ئەوانەی کە مووی برۆیان بێ هێزە، یان بۆ هەر گرفتێکی جوانی برۆکان، ئەمەش دەکرێ بە دانانی تاتۆی برۆ، لە شوێنی برۆی راستەقینە و بەمەش بەپێی ئەو خواستە جوانییەی بۆ برۆکان دادەنرێ، دەکرێ سوودیان لێوە ببینرێ کە دیمەنێکی ناسکیش دەبەخشێ و هاوشێوەی برۆی راستەقینە دەبێ، بێگومان دوای ماکیاژ کردن و ئامادەکردن و چاککردن.



# جۆری ماکیاژی پشت چاو و لێو بۆ وەرزی پاییز

مۆدەکانی تازە بۆ بواری ماکیاژ و شێوازە تازەکان ڕێگەیەکە بۆ داهێنان و تازەگەری کە بە جۆرێك شایستەی جوانییەکی بەرز و کراوە دەبێ، لە مۆدەکانی هەفتاکانی رابردوو، هەمان ئەو مۆدەیە ئێستا بۆتەوە مۆدەی تازە بۆ وەرزی پاییزی ئەوساڵ، ئەویش زیاتر گرنگی دەدرێ بە پشت چاوەکان و لێو، کە دوو هۆکاری گرنگن لە جوانی ماکیاژی رووخسارەکان، بەمەش دەکرێ سوود وەربگیرین لە رەنگی (زێڕین) کە هاوشێوەی رەنگی پاییزە و دیمەنێکی شیاو و جوانی هەیە، دەتوانن سوود لە رەنگی زەرد و زێڕی بۆ پشت چاوەکان وەربگرن و هەروەها سەبارەت بە لێو، رەنگی قاوەیی و پەمەیی کاڵ شای رەنگەکان دەبێ.



# ملوانکە تازەکان بۆ وەرزی جوانکاری

**ئێکسسوارتی جوجو - هەولێر**

لە جوانکاری جوجو لە هەولێرەوە پێمان راگەیانرا، کە تازەترین مۆدە لە ئێکسسوارەکان بەردەوامن و کچانی کوردیش لەسەر ئێکسسوار و مۆدەی تازە ئێکسسوارەکان هەڵدەبژێرن، تەنانەت مۆدەکان بەرەو تازەگەری دەچن و لەگەڵ ئاوێتە بوونیان بە شێوازی تازە و فەرامۆش نەکردنی مۆدە کلاسیکەکان، کەچی چەندین مۆدەی ئێکسسوار دەبن بە مۆدەی داهاتووی ئەو وەرزە، کە شێواز و دیمەنێکی بە نرخ لە خۆوە دەگرن، هەندێك جار ئێکسسوارەکان ئەزیەتی پێستی خانمان دەدەن، بە تایبەت ئەوانەی لە جێگەی هەستیار دەخرێن لەونە: ئەڵقە و ئەنگوستیلە، بازنگ و ملوانکە، کاتێك ئەو ئێکسسوارە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە، دەبێتە هۆی هەستیار (حساسیە) بوونی ئەو شوێنەی کە ئێکسسوارەکەی لەسەر پۆشراوە، زیاتر ئەوەش لە ملوانکەکان دەردەکەوێ، بۆیە لە مۆدەی تازە ئێکسسواردا هاتووە، کە زنجیرەکان لە ماددەی رەق نەبن، بەڵکو زنجیری ملوانکەکە لە قوماش یان ماددەیەکی دیکەی نەرم دەبێ، وەکو ئەو دوو ملوانکەیە، کە بە هیچ جۆرێك ئازاری پێستی مل نادات و سووری ناکاتەوە.


## منداڵێک (٢) مانگە و ددانی هاتووە

کارە سـەیرەکان بە چەندین دیمەنی سـەیرەوە تێدەپـەڕن، بە تایبەت کاتێك دیمەنێك جیاواز دەبێ و لە شـێوازی خۆی لادەدات، بۆیە لای ئێمەش سـەیر دەبـێ و دەبێتە حاڵەتێکی تایبەت و جیاواز، لە شـاری (نیوکاسـلی وڵاتی بەریتانیـا)، دوای ئەوەی منداڵێك لە دایك دەبێ و کە لە دەمیەوە (٢) ددانی هاتـووە، دایکی منداڵەکە ناوی (ویلان)ـە و دەڵێ: دوای ئەوەی تەمەنی بووە (٢) مانگ، بینیم دوو ددانی لە دەمی هەبوو، بۆیە سـەردانی پزیشکی ددانم کرد و ئەویش حاڵەکەی بە ئاسایی ناساند و ئیتر منداڵەکەم دوو مانگە و دوو ددانی لە دەمی هەیە.



## مـەرکـــان و گوڵـ

کەرەسـته و کەلوپەلی ناو ماڵی کورد، لە چەندەها شێوە و ماددەدا دروست دەکرێـن، ئەگەرچی هەندێکی کەرەسـتەکانمان خۆماڵیـن، بەڵام ئەویش رێگەیەکە بۆ کەرەسـتەی تازە و داهێنان و شـانازی کـردن بە کەلوپەلی خۆمان، یەکێك لە کەرەسـتە جوانەکان بریتییە لـە (گۆزە و مەرکانەکانی گوڵ)، چەندە دیمەنێکی جوانە کاتێك گوڵدانەکانی ماڵ لە مەرکانی کـوردەواری خۆمان دەبن، کە لە خاك و خۆڵی ئەو خاکە دروسـت کراوە، شێوەی مەرکان و گۆزەکان، لە قوڕ دروسـت دەکرێن، کە ئەویش کۆمەڵـە خۆڵی سـوور دەهێنرێ و دوای ئـەوەی پاك دەکرێتەوە، پاشـان دەخرێتە سـەر ئامێرێك کە قوڕەکە دەسووڕێنێ، دواتر بە دەسـت نەخشی بۆ دادەنرێ کە چ شێوەیەك وەربگرێ و یان چ نەخشێکی لەناو مەرکانەکە دروسـت بکرێ، کە ئەوەش



## کفتە خواردنێکی

کفتـە یەکێکە لەو خواردنە کوردیانەی کە تا ئێسـتا بە بەردەوامی لەگەڵ بەرەوپێشچوونەکان لە ژەم و خواردنەکان هەر بەردەوامەو میوانی خوانەکانە، کفتەش لـە تەنیا جۆرێـك و بابەتێك نییە، بەڵکو بە زۆر شـێواز و زۆر رێگەو کەرەسە ئامادە دەکرێ کە هەریـەك لە ناوچەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، کفتە خواردنێکی کـۆن و بەتامە، زیاتر کفتەی کەرکوکی بەناوبانگـە کە شـێوەی بچووکە وەکو شـوێنەکانی دیکە نییە، کە پێچەوانەیە و بە گەورەیی دروسـت دەکرێ، خۆشی کفتە دەکەوێتە سـەر دەسـتی ئەو خانمەی



## ساوار کوڵاندن کارێکی کوردانەی کۆن

سـاوار کوڵاندن وەك کار و دیاردەیەکی کۆنی باب و باپیران تا ئێسـتاش لە هەندێ شوێن و گەڕەکی شـاری هەولێر بوونی ماوە، دوای کوڵاندنی گەنمەکە و پاشـان بردنی بۆ ئاش بۆ دروستکردنی براوش و گەنمەکوتا و ساوارە، ئەمەش لە پێشـدا بۆ نەبوونی کارگەی تایبەت دەگەڕایـەوە، لەگەڵ ئەوەش تا ئێستا لەلایەن هەندێ کەس کە باوەڕیان بە بەرهەمـی کارگەکان نییـە و هەر بەشێوازە کۆنەکە کارەکانیان ئەنجام دەدەن، کارەکەش بەم شێوەیە دەبێ:

سـەرەتا گەنم دەهێنرێ و لەسەر مەنجەڵێکی گەورە دادەنرێ کە پێی دەڵێن مەنجەڵی دانوو، لەسـەر ئاگر گەنمەکە تـا دەکوڵێت و دواتر لەسەر شـتێك دادەنرێ تاوەکو سارد دەبێتەوە، پاشـان دەهێنرێتە خوارەوە و دەبردرێ بۆ ئاش، ئینجا دەکرێتە سـاوار و برووش و گەنمە کوتا و ئەوانە.



## (ئیبراهیم تاتڵسیس)یش بۆیە دەکات

پێشتر کاتێك (ئیبراهیم تاتڵسیس)مان دەبینی، هەردەم بە سمڵێکی ڕەش و قژێکی ڕەش و جوانەوە لە ئاهەنگ و گۆرانییەکانی دەردەکەوت، کە وێڕای تەمەنێکی زۆر، بەڵام ئەوەندەی گەنجێك جوان دەردەکەوت، دوای ئەو هێرشەی کرایە سەری و تووشی بریندار بوون بوو، بەم دواییە تەندروستی باشترە و لە دواترین وێنەی گیراوە کە لە مانگی (٨) بووە، دەیبینن سمێڵ و قژی بە سپی دەردەکەوێ، بۆیە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەوەی پێشووتر بۆیە (صبغ) بووە، بۆمان دەرکەوت کە سمێڵ و قژی ئیبراهیمیش تەزوویر بووە و ڕاستەقینە نەبووە، ئەو وێنەیە لە دوای چاکبوونەوەی گیراوە.



## ـدانی کوردەواری

بە بیرۆکە و بەهرەوە ئەو تایبەتی خۆی

کارە دەکرێ و کەسی هەیە.



## کۆنی کوردی




ئامادەی دەکات، هەروەها زیاتر لەسەر جۆری ئەو (بڕووش)ـە دەبێ کە بەکاردەهێنرێ، دەست ڕەنگینی ئەو خانمە شێواز و تامی کفتەکە دیاری دەکات، کفتە لە کۆندا زیاتر لە وەرزی زستان ئامادە دەکرا، بەمەبەستی ئەوەی خواردنێکی بەهێز و گەرم و گوڕە، کە لە کاتی کارکردنی پیاوانی کورد پێویستیان بە خواردنێکی بەهێز دەبوو، تا زوو برسی و ماندوو نەبن، چارەسەریش بۆ ئەو لایەنە، کفتە بووە و کە هێز و توانایەکی گەورە بە مرۆڤ دەدات.


## کەشتییەکەی نوح دەبێتە مۆزەخانە

یوهان هویبرز ئەندازیاری هۆڵەندی، بەپێی ئەوەی لەئینجیلدا باسی کەشتیەکەی نوح کراوە، کەشتیەکی هاوشێوەی ئەوەی نوحی دروستکردووە. کە درێژیەکەی ٧٠ مەتر و پانیەکەی ١٢ مەتر و بەرزیەکەی ١٣ مەترە. لەناو کەشتیەکەشدا کە لەسێ نهۆم پێکهاتووە، وەك مۆزەخانەیەك بۆ بیرهێنانەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییە، پەیکەری نوح و منداڵ و شوێنکەوتەکانی و ئاژەڵەکانی تێدا دانراوە.

**ئامادەکردنی: ڕەوەند بەختیار**



# دەبێ ئەوانە لە چ بگەڕێن




دەبێ ئەو خانمانە لە چی بگەڕێن و سەیری چ بکەن؟ ڕەنگە لە دوای شتی کۆن و مەشکە و سەردەمی خۆی و کە چۆن بووە و یان لەوانەیە لایان سەیر بێ کە ئەو کۆمپیوتەرە چ کارێك دەکات و چ ناکات.

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




زۆر گرنگی مەدە بەهەندێك شت کە خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات، کەسێك پێشنیارێکت بۆ دەکات پێشتگوێی مەخە، باری سۆزداریت فەرامۆش مەکە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




لایەنی سۆزداریت گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و سۆز و خۆشەویستیەکی لەڕادەبەدەر ڕووت تێدەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



دەرفەتی کارێکی باشت لەپێشە بیقۆزەوە، خۆشەویستییەکی نوێ لەدەرگای دڵت دەدات، زۆر بەوردی سەرنجی لێ بدە، دوایی پەشیمانی دادت نادات.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



بەپەلە هەڵسوکەوت مەکە، چونکە زەرەرمەند دەبیت، هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ دەکەیت بەهۆی خەون بینینی ترسناك، پشووێکی کورت بەسوودە بۆت.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



ئەم هەفتەیە دوور بکەوە لەمشتومڕ دەربارەی ناکۆکیەکانت لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشت دەوێ، چونکە کات لەبار نییە بۆلەیەکتر گەیشتن مامەڵەی گەورەش باش نییە لەم کاتە.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



مەترسە لەڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ هەڵوێست کە پێوەندی بەخۆشەویستەکەتەوە هەیە، لەرابردوو دووربکەوە تابەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئامۆژگاری دەوروبەرت وەربگرە.

## گفتوگۆی نێوان پیاو و ئافرەتێک

مێرد: ئای خوایە لە کۆتاییدا خەونەکەم هاتە دی.

ژن: دەتەوێ لێت دوور بکەومەوە؟

مێرد: نەخێر، ئەو قسەیە مەکە جارێکی دیکە.

ژن: تۆ منت خۆش دەوێ؟

مێرد:بێگومان.

ژن: باشە، ئایا دەتوانی بیر بکەیەوە کە لە من دوور بکەویتەوە؟

مێرد: بێگومان نەخێر.

ژن: باشە دەتوانی ماچێکم بدەیتێ؟

مێرد: بێگومان لە ڕوومەتەکانیشت.

ژن: ئایا بیر لەوە دەکەیتەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لێم بدەی؟

پیاو: بێگومان نەخێر... من لەو جۆرە پیاوانە نیم.

ژن: دەتوانم متمانەت پێ بکەم؟

پیاو: بەڵێ.

ژن: ئای خۆشەویستەکەم..

**- پاش ساڵێك لە هاوسەرگیریان.. لە یادی ئاهەنگی گواستنەوەیان ئەم جارەیان بە پێچەوانە بخوێنەوە واتە لە خوارەوە بۆ سەرەوە.**

## مانای شتەکان لە خەون

**ئاوریشم:** بینینی ئاوریشم خۆشەویستییە، دەسەڵاتدار یان پاشا جلوبەرگی ئاوریشم لەبەر بکات پایەبەرز تر و گەورەتر دەبێت، مردو ئاوریشمی لەسەر بێت لەو دنیایە پایە بەرزە، ئاوریشمی زەردو سور نەخۆشییە، هەروەها کردەوەی چاکی ئەو کەسانە دەردەبڕێ کە شایستەی ئەوەن بچنە بەهەشت، یان بگەنە پلەو پایەی سەرۆکایەتی، ئاوریشم خواستنی ئافرەتێکی بە ئابڕوو بە شەرەفە، هەروەها دەروازەی دەرچوونە لە خەم و خەفەت و پەژارەوە بەرەو خۆشی و کامەرانی.

**سەرچاوە: خەوننامە!**

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بابان) بوو




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ئا)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١+٤ ) کۆبکەیتەوە بە مانای (یەکێکە لە خواردنەوە گازییەکان)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دراوی وڵاتی ژاپۆن)



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەخۆبایی مەبەو دڵی خەڵکانی دەوروبەرت مەڕەنجێنە، بیر لەرابردووی خۆت بکەرەوە، چونکە تۆ کەسێکی چاپووک و دڵسۆزی، باری سۆزداریت روو لەباشیە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بۆژانەوەیەکی باش لەسیماتدا بەدی دەکرێ، لە بواری سۆزدارییەوە دەرفەتێکی باشت بۆ هەڵدەکەوێ و لەوانەیە لەئامانجت نزیك بکەویتەوە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ماندووبوونی پێشووت لەبیر دەکەیت و بێئەوەی خۆشت بزانیت کارەکانت جێبەجێ دەبن و ئەرکەکانی سەر شانت زۆر سووك دەبێت، لەوانەیە باری داراییشت باشتر بێت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

سەرکەوتنێکی چاك لەبواری کارەکەت بەدەست دەهێنیت، کە دەستکەوتێکی ئابووری باشی لەگەڵ دا دەبێت، لەبواری ئەڤینداریشەوە هەست بەخۆشی و شادی دەکەیت.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانەکەت دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەرەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت و تۆزێك دووربین بە، هەندێك بەخۆتدا بچۆرەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

زیاتر وردبەرەوەو زیرەکانە پلانەکەت دابڕێژە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەت، چونکە کەسانێك دەیانەوێت کۆسپت بۆ دروست بکەن، لایەنی سۆزداریت لە گەشانەوەیە.




## ئاسۆیی:

١- دراوی ئەوروپا- بەرە بەیان(پ).
٢- تەلە – پایەتەختی وڵاتێکی عەرەبییە.
٣- وڵاتێکی ئەوروپییە – وڵاتێکی ئاسیایە.
٤- ئەکتەرێکی ئاسیایە- سێ تیپ.
٥- قژ (پ)- چوار تیپی شالیار .
٦- پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپیە (پ).
٧- میر (پ) – دایکی هەموان(پ).
٨- شارێکە لە ئوسترالیا- شارێکی کوردستانە(پ).
٩- وڵاتێکی ئەفریقیە- پروشت(پ).
١٠- داو (ت)- وڵاتێکی ئەوروپیە.
١١- چیایەکە لە ئەمەریکا – میری سۆران.

## ستوونی:

١- چیایەکی کوردستانە(پ)- پایەتەختی ئەوروپایە(پ).
٢- چوار پیتی سالایو – جۆرە کاتژمێرێکە.
٣- توخمێکی کیمیاوی یە(پ) – ناوێکی کچانە(پ).
٤- رووبار – دارێکە.
٥- مۆسیقا ژەنێکی جیهانی یە.
٦- ژەهراوی بوون – ڕۆمانێکی بەناوبانگە.
٧- جۆرە شیرێکە منداڵانە(پ) – وڵاتێکی ئەمەریکایە.
٨- دراوێکە- پارچە بوو- پایەتەختی ئەوروپایە.
٩- خێرا – چیایەکی کوردستانە – دوو پیتی ساز.
١٠- دوو پیتی حازم – جۆرە چەکێکە – نەخێر.
١١- گۆرانی بێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە.



## نوکتە

- یەکێك ماسیەک دەگرێت سەیر دەکات هەر ماوەو دەجوولێتەوە، زوو زوو سەری دەکات بە ئاوەکەیا تا بخنکێت و بمرێت...

* * *

- یەکێك لە ناو تەکسیەک دانیشتووە... جامەکەی کردۆتەوە و دنیا زۆر ساردە... سایەقەکە پێی ئەڵێت ئەو جامە دابخە دنیا ساردە.. کابراش دەڵێت تۆ بە ڕاستی کەریت قابیلە من جامەکە دابخەم دنیا گەرم دەبێت!

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش



**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە**